# شاندەکی دەم پارتی لەگەڵ دەمیرتاش و یوکسەکداگ کۆدەبنەوە بە مەبەستی پرۆسەی ئاشتی تورکیا




بڕیارە سبەی شەممە شاندەکی دەم پارتی لەگەڵ هەردوو هاوسەرۆکی پێشوتری هەدەپە لە گرتوخانە دیدار بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش شاندەکە سبەینێ سەردانی سەڵاحەدین دەمیرتاش دەکات و دواتریش ڕۆژی یەکشەممە لەگەڵ فیگەن یوکسەکداگ کۆدەبنەوە.

بڕیارە لە سەردانەکەدا، شاندەکەی دەم پارتی پەیامەکەی ئۆجەلان بگەیەننە هەردوو هاوسەرۆکی پێشوتری هەدەپە و بۆچوون و پێشنیازی ئەوان بۆ ئەو قۆناغە لە پرۆسەی ئاشتی وەردەگرن.

ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەم پارتی لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە زیندانی ئیمرالی کۆبوویەوە بە مەبەستی گفتوگۆ لەبارەی ڕێککەوتنی ئاشتی لەنێوان پەکەکە و تورکیا کە حکومەت و سەرکردەکانی تورکیا پێشنیاریان کردووە.